# چه ن بیره وه رییه ک له ساڵیادی کۆچی دوایی مامه هه ژاری موکریانی دا

ڕێناس جاف

میلی کاژێر، دووی پاش نیوه ڕۆی ڕۆژی2 ی ره شه مه ی ساڵی 1369
هه تاوی (ساڵی 1991 زایینی) پیشان ده دا. ڕادوێی سه رانسه ری
ئێران ،له به شی هه واڵ و ده نگ و باسی خۆیدا، هه واڵێکی
خه م هێنه ری بۆ کوردان ،بڵاو کرده وه : " سه یدا عه بدوره حمانی
شه ره فکه ندی ناسراو به هه ژار، وه رگێڕ و شاعیر و نووسه ری
به نێو بانگی کورد، کۆچی دوایی کرد ".
هه ڵبه ت وه بزانم بێژه ری ئه و هه واڵه له پێشدا مامه هه ژاری
به ئێرانی ناساند ، ئه و خاڵه م جوان له بیر نه ماوه .
ئه و ڕۆژه وه ک زستانه که ی ئه مساڵ ، به فرێکی قورس دونیای
ته نیبوو.
به بڵاوبوونه وه ی ئه و هه واڵه هه ژێنه ره به نێو خوێندکارانی کوردی
زانکۆی تاران، دانیشته ی گه ره کی خوێندکاران، هه ڵکه وته له
شه قامی " ئه میر ئاباد" دا، هه ر به و زوقم و کرێوه و سه رما و سۆڵه، هه
ژان و خرۆشێ چێ بوو. هه ر یه که و مژول و سه رقاڵی
کار و هه رمانێک بوو. به ده م کاریشه وه هه ر خوێندکاره کوردێکت
ده دی، فرمێسکێ گه ش  به ڕوخساریا ، ئه تکایه خوار.
به هۆی هه وڵ و چالاکی دۆسان و هه ڤالان ، ده یان بابه ت و
نووسراوی سه رپارچان، ئاماده کرا که هه ر یه که شیان به یه ک و
چه ن به یته شێعرێ  یان ڕسته یێکی مامه هه ژار، ڕازابووه وه :
" با من به هه ژاری بچمه بن گڵ
کورد ڕۆژێ ئه بێ به گوڵ له سه ر چڵ "

یه کی دی ئه م چه ن به یته ی به سه ره وه بوو :

" به کوردی ده ژیم، به کوردی ده مرم
به کوردی ده یده م ، وه رامی قه برم
به کوردی دیسان، زیندوو ده بمه وه
له و دنیاش بۆ کورد، تێ هه ڵده چمه وه"

ئه وی دیکه یان لێی نووسرابوو : " زۆر له ڕۆژ ئاشکراتره، پێناسی گه لان له جیهان، دروشمی نه ته وایێتی، ئامیانی ڕه گه زایێتی، زمانه و به س " .

لێبڕاین هه ر به و عه سره ، به ره و " عه زیمیه ی که ره ج" بکه وینه ڕێ، که چی به فری قورسی ئه و ڕۆژه ، ڕێی پێ گرتین.
له سبه ی ڕا ، یانێ ڕۆژی 3 ڕه شه مه ، خوێندکارانی کوردی دانیشته ی تاران به کچ و کوڕه وه، به سواری پاسێک ، به ره و ماڵی مامه هه ژار چووین . به هه زار زه حمه تان ، پاسه که هه تا " عه زیمیه" بڕی کرد . که گه یشتین ، که س له نێو یانه که ی مامه هه ژاردا، خۆی به غه ریوو و نه ناس، نه ده زانی و هه ر یه که خه ریک به کارێکه وه بوو .
ماڵه گچکه که ی مامه هه ژار ئه و ڕۆژه، جمه ی ئه هات له شه یدایانی ئه و زاته به رزه . سات نه بوو ده نگ و زره ی ته له فۆنت به رگوێ نه که وێ، هه ر کوردێک و له و سه ری دونیاوه، هه ندێ له ئه ورووپا و برێک له ئه مریکاوه، ته له فۆنیان ده کرد و هاوخه می خۆیان ڕاده گه یاند . گریان ساتێ وچانی پۆله مه لانی شه یدای نێو ده ڤه ره که ی ڕۆحی هه ژاری نه ده دا. زۆرێ له ئه ندامانی پارتی دێمۆکراتی کوردستانیش ( مه به ست پارتییه کانه) له وێ ئاماده بوون، ڕاسه که ئه و ڕۆژه که س له وێ میوان نه بوو، به ڵام له به ر ناسیاری فره تری پارتییه کان به ماڵه که ی مامه هه ژار، کۆڕگێڕ ئه وان بوون.
له بیرمه دۆکتۆر شه وکه ت له نێو جه ماعه ته که دا هه ستایه وه و ده ستی کرد به لێدوانێ کورت له سه ر مێژینه ی خه باتی مامه هه ژار.

پاشان ئه و ده رفه ته ش به  ئاماده بووانی ئه و کۆڕه ماته مینییه  درا، هه ر یه که و بابه تی خۆ بخوێنێته وه . یادمه منیش په خشانه شێعرێکم خوێنده وه  به ناونیشانی : گوڵی سه ربه ستی ژاکا :

هه واڵ گه یشت

جارێکی تر دار و به ردی کوردان هه مووی

ڕه شی پۆشی

که چی هێشتا برینه قووڵه که ی

هه ڵه بجه سارێژ نه ببوو

هێشتا کراسی تۆخی ئازێتی

له به ر کوردان  نه که نرابوو

هێشتا شاخ و ده شتی کوردستانم

په ژاره ی زامی هه زاران

ڕۆڵه ی لاو و ساوای چه وساوه ی خۆی

له ناخا بوو

تازه خه ریک بوو نه مامه که ی هیوا

به ری ده دا

ڕۆژانێک بوو

بزاڤه که ی ڕووناکبیران

مژد ێ سه وزی بۆ جڤاکی

کوردان پێ بوو

به ڵام دیسان خه م کوردستانی

ته نییه وه

شاسواری مه یدانه که ی ویژه ی کوردان

کۆنه دۆسته که ی مام هێمن

خاوه نه که ی : " بۆ کوردستان "

" ئاڵه کۆک و کۆشکی بلوورین"

هه ڵۆی سه ربه رزی کوردستان

مامه هه ژاره که ی کوردان

به یه کجاری به جێ هێشتین

به ئێجگاری بوویه وه به میوانه که ی

خاکی کوردان.

به لاّم هۆ مامه گیان هه ژار

ئه رخه یان به، تا به و ڕۆژه ی

کورد بمێنێ و کوردستانێ

یاده که ت، ناوه که ت

قه ت ون نابێ

قه ت ون نابێ .

ئه و په خشانه شیعره به تۆزێ ده سکارییه وه هه مان ڕۆژ خوێندمه وه .
پاشی مه رگه ساته که ی هه ڵه بجه و شه هیدبوونی پترله پێنج هه زار مرۆڤی بێ تاوان و خاپووربوونی زۆر گوند و ژاره باران کرانی زۆر کانیاوان ، له لایه ن ده سته لاّتی دیۆئاسای به عسه وه، که هه موو مرۆڤێکی بێدار و ئازایخوازی دونیای هه ژاند، شاعیر و نووسه ری کورد و بگره هه موو کوردێ، له هه مبه ر ئه و دڕه خوويیه و ئه و جه نایه ته دژه مرۆڤانییه دا، هه ڵوێستی گرت و لێی هاتنه ده نگ.
له بیرمه وه بزانم ساڵی 1367 هه تاوی (1989-90 زایینی) بوو که مامه هه ژار ، له کۆڕێکی ماته مینی کوردان له زانکۆی تارانا که به هۆی هه وڵ و دڵسۆزی خوێندکارانی کورده وه ، هه ر به و بۆنه وه ساز درا بوو، کاتێ ده ستی به لێداون و ئاخاوتن کرد، زۆر به توندی ڕه خنه ی له مێدیا و ڕێکخراوه کانی جیهانی گرت که له حاند ئه و کاره ساته جه رگبڕه دا، هه ڵوێستێکی جوامێرانه و مرۆڤانییان

نه گرتۆته به ر، ئه وه له حاڵێک دایه به پشگیری له هه ندێ که س یان
بزاڤ، هاواری به ناو ئازادیخوازبوونییان به هه موو دونیا
ده گه یینن.
مامه هه ژار له گه رمه ی ئاخاوتنه که یدا و زۆر به تووڕه ییه وه
له حه نای ئه و ڕووداوه، وتی : " که رانباوگاوێکی وه ک
سه لمان ڕووشدی، که هه تا دوێنێ که س نه یده ناسی، ئه وه نده ی
گه وره ده که ن و ئه وه ن لاگری لێوه ده که ن که گوایه گیانی
وه به ر مه ترسی که وتووه و هه ڕه شه ی له سه ره ، که چی
زێتر له پێنج هه زار مرۆڤی کورد له هه ڵه بجه دا ، ژارخوارد
ده کرێن و که س لێی وه ده نگ نایه " .
ئه و وته ی مامه هه ژار له و ده مه دا دلنیام هیچ چه شنه باری
سووکێتی به که سایێتی سه لمان ڕووشدی ،تیا نه بوو، به ڵکو ڕووی
قسه که ی له ده سته لاتدارانی دونیا و مێدیاکانی جیهانی بوو، هه رکه
ویستیان لاگری له که سێ یان بزاڤێ بکه ن، ئه وه نده ی په ل وپۆ
پێ ده ده ن و گه وره ی ده که ن، دونیای لێ وه ده نگ دێنن. له حاڵێک
دا له م دونیادا به ڕۆژ و مانگ و ساڵ ، هه زاران ڕووداوی
تاڵ و قه یران ده قه ومێ و زۆر جڤاک و کۆمه ڵگه ی مرۆڤانی،
به ده س ده یان په تا و ئافه تی کوشنده وه ده ناڵێنێ ، لێ به لێ
دونیا گوێی خۆی له حه نای ئه و ڕووداوه هه ژێنه رانه ده ئاخنێ.
هه ر له پێوه ندی له گه ڵ مامه هه ژاری موکریانی دا پێویسته
سووکه ئاماژه یێکیش به چه ن خاڵێک بکه م.
هه ژار ڕاسه ئیدی ئه مرۆکه هی هه موو کوردانه و به ڕاستیش
شانازییه بۆ کورد ، مرۆڤی وای تیا هه ڵکه وتووه به لام زێترین
کاریگه ریێتی بیر و هزر و ڕوانگه ی مامه هه ژار ، له سه ر
کۆمه ڵگه ی ڕۆژهه لاتی کوردستان ، ده بینرێ .
ئه و به ره ی ئه مرۆکه ڕووی کردۆته بیری کوردایێتی و
نیشتیمانپه روه ری و هه ر وه ها خامه ی کوردی بۆ ڕاژه و خزمه تی
کۆمه ڵگه که ی هه ڵگرتووه، بێ سێ و دوو ، منه تبار و قه رزاری
چه ن که سایێتی یه کی وه ک نه مران " هه ژار و هێمن " ه .

بڕوام نییه كه سیش  حاشا له م ڕاستی و حه قیقه ته بكات.
به داخه وه حیزب و پارت و ئالییه سیاسییه كانی ڕۆژهه ڵاتی كوردستان ،
ئه وه نده ی مژول و سه رقاڵی كاری سیاسی و حیزبی
بوونه ، سه تی یه كی ئه و ڕاده ، لایان له چاند و كه لتووره كه ی
كوردی  نه كردۆته وه . بێگومان له و نێوانه دا مامه هه ژار و
كۆنه دۆس و شاعیری شۆڕشگێڕی واته مامه هێمن، هه ڵگری
ڕوونترین كارنامه لای كوردی ڕۆژهه ڵاتی كوردستانن.
به ره ی ئه مڕۆی نێو  ڕۆژهه ڵاتی كوردستان ، ڕاستیت گه ره كه
بارهاتووی فێرگه و قوتابخانه كه ی ئه م دوو زاته  مه زنه یه.
گه ر بۆ نموونه ش ڕاپرسینێك له نێو كۆمه ڵگه ی ڕۆژهه ڵاتی
كوردستانا ئه نجام  بگرێ ، دڵنیام ئه و ڕۆڵ و ده وره گرینگه ی
ئاڵاهه ڵگرانی  خه باتی چاندی كورد، له م به شه ی كوردستانا
گه لێ خۆیاتر له زۆر بزاڤی دیكه  بێت.
هه ژار و هێمن ، دوو كۆڵه كه ی قایم و پته وی كوردایێتی ئه م
به شه ی  كوردستان و بگره  سه رپاك كوردستانیش ،دێنه ئه ژمار.
بۆیه ئه مڕۆكه له سه ر  ده زگا و سه نته ره كانی ڕووناكبیری
كورد ئه ركێكی پێویسته پتر ئاوڕ له به رهه م و بیر و هزری
ئه م  دوو زاته  بده نه وه و پێویسته به رهه مه كانیان، بكرێنه وانه ی
نێو فێرگه و  كۆلیژ و زانكۆیان .

بۆ وتن ده شێ  نووسه ر و شاعیر و وه رگێڕی خودان به هره و
خامه چه له نگی كورد " عه بدوڕه حمانی شه ره فكه ندی واته
مامه هه ژار "  ساڵی 1300 هه تاوی ( 1920 زایینی) له گه ڕه كی
" سه رخڕێ" ی  شاری  مه هاباد  له دایك بووه .
مامه هه ژار كه پێ ئه گرێ و بنده ستی و ژێر چه پۆكه بوونی
گه له كه ی  ئه بینێ،  سه ری سه ودایی خۆی هه ڵئه گرێ و هه تا
دوا ده می ژین، واز له ڕاژه و خزمه ت به چاند و كه لتووره كه ی
گه له كه ی  ناهێنێ . كوێی ئه م گه ردوون و دونیا به رینه  هه یه
هه ژار له به ر ماڵ وه كۆڵی كوردان ، ڕێی تێ  نه بڕیبێ.

به ینێ له به غا، ده مێ له شام ، سالاَنێک له به یرووت، ڕۆژانێ له ولاَتانی ئه ورووپای خۆراوا و گه لێ ڕۆژیش له  یه کێتی سۆڤیێتی پێشوو، ئه گیرسیێته وه . گه ر چاوێک له به رهه می " چێشتی مجێور" ه كه ی  كه سه ربرده ی ژیانیه تی ، بکه ی ، ئه ده م لات ده ر ده كه وێ ، له  پێناو گه له كه یدا  چه نده ی مه ینه تی ڕۆژگاری چێژتووه.

له بیر نه كه ین  هه ژار ئه ندامێكی كارای كۆمه ڵه ی " ژێ كاف" بووه كه دواتر نێوی خۆ ی به حیزبی دیمۆكراتی كوردستان، گۆڕی.

هه ر وه ها له به ر هه ڵوێستی شۆڕشگێڕانه له ژیانا و خامه ی به پێزی بۆ  خزمه تی كوردان ، له لایه ن  پێشه وای كوردانه وه " قازی نه مر"  له قه ب و نازناوی شاعیری میللی پێ به خشرا.

هه مان نازناو به  مامه هێمنیش  به خشرا. ئه وه  له و سه رده مه دا بۆ لاوێکی مینا مامه هه ژار و هه روه ها مامه هێمن، شه ره فێكی پڕ مه زن بوو. هه ر وه ها مامۆستا هه ژار ئه و ساڵانه ی کۆڕی زانیاری کورد له به غا دامه زراوه، وه ک ئه ندامێکی کارا ده وری تیا بینیوه.

به رهه مه كانی مامۆستا هه ژار ئه مانه ن :

1 ئاڵه کۆک، ته وریز، 1325 هه تاوی، 1945زاییني

2  به یتی سه ره مه ڕ، شام، 1957 زاییني

3  مه م و زینی خانی نه مر بۆ سۆرانی، به غا، 1960 زاییني

4  بۆ کوردستان، باشووری کوردستان، 1966,1969، 1358 هه تاوی تاران

5 خه ییام به کوردی ، باشووری کوردستان،1968 زاییني، تاران، 1369 هه تاوی ، سرووش

6  شه ره فنامه، له فارسییه وه،  نه جه ف، 1973,1981 زاییني

7  هۆزی  گاوان، له عه ره بییه وه،  به غا 1973 زاییني

8  تاریخی سلێمانی ، له عه ره بییه وه بۆ  فارسی،

9  ڕه وابیتی فه رهه نگی ئێران و میسر،له  عه ره بییه وه بۆفارسی

10 قانوون ده ر تێب،له عه ره بییه وه بۆ فارسی، حه وت به رگه،
تاران، 1356 هه تاوی، 1979 زایینی، سرووش
11فه رهه نگی فارسی بۆ کوردی، که هه تا به ئێستا چاپ نه بووه.
12 یه ک له په نای خاڵ و سفری بێ بڕانه وه، له فارسی بۆ کوردی
تاران، 1358 هه تاوی ،1980 زایینی
13 ئاری برا، وا: ڕابرا، له فارسی بۆ کوردی،تاران،1980،1358
هه تاوی
14 فه رهه نگی کوردی به کوردی به فارسی هه نبانه بۆرینه،1358
هه تاوی، 1980 زایینی
15مێژووی ئه رده ڵان، له فارسییه وه بۆ کوردی
16شه رحی دیوانی مه لای جزیری، سرووش،تاران،1361
هه تاوی، 1983 زایینی
17عیرفان، به رامبه ری، ئازادی، تاران، سرووش،1359 هه تاوی
1981 زایینی
18 چێشتی مجێور، پاریس، 1997 زایینی

شیاوی وتنه زۆرێ له به رهه مه کانی مامۆستا هه ژار له ملاولا ،
به بێ ئیزنی خۆی و پاش خۆی، بێ ئیزنی بنه ماڵه که ی له چاپ دراون.
هه ر وه ها سه رجه می به رهه مه شێعرییه کانی ساڵی2001 زایینی
له لایه ن ده زگای چاپ و په خشی ئاراسه وه له باشووری
کوردستان به چاپ گه یشتووه.
مه زاری پیرۆزی مامه هه ژار ئێستێ له گۆڕستانی "بوداغ سوڵتانی
شاری مه هاباد" دا جێی سه ردانی ئاشقانی ئه و زاته به رزه یه.

سه رچاوه کانی ئه م نووسراوه :

سه رجه م به رهه مه کانی مامۆستا هه ژار
گۆڤاری که یهانی فه رهه نگی، ژماره 5، ساڵی 1367 هه تاوی
نه مریی له ئه ده بدا، ئۆرخانی غالب،چاپی یه که م، سوێد1998
چاپی دووه م ،کوردستان،1999

هه ر وه ها بيره وه رييه كانى خۆم سه باره ت به مامۆستا هه ژار

Renas caf@yahoo.com